# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی سێهەم: لەبارەی قەرزەوە

# الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الثالث: في القرض

< كوردی - كردي - kurdish >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لەبارەی قەرزەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

خۆشەویستان بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا لەبارەی قەرزەوە باسی دوو بابەت دەکەین، بابەتی یەکەم : پێناسەی قەرز و بەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی، بابەتی دووەم : مەرجەکانی قەرز وهەندێك حوکمی پەیوەست پێوەی .

**بابەتی یەکەم : پێناسەی قەرز و بەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی :**

مەبەست لە قەرز : پێدانی ماڵ ودارایە بەکەسێك بەمەبەستی سوود لێوەرگرتنی، وگەڕاندنەوەی بریتیەکەی بۆ خاوەنەکەی .

قەرز پێدان و وەرگرتنی کارێکی مەشروع و ڕێگا پێدراوە، هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەڵگەن لەسەر فەزڵ و چاکیەتی یارمەتیدان و هاوکاری یەکتر کردن، و پڕکردنەوەی پێداویستی موسڵمانان، ولادانی نارەحەتی وتەنگانە لەسەری، موسڵمانانیش هەموویان کۆدەنگن لەسەر ڕاستی ودروستی ئەم بابەتە .

ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : { أن رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) استلف من رجل بكرا, فقدمت عليه إبل الصدقة، فأمر أبا رافع أن يقضي الرجل بكره، فرجع إليه أبو رافع، فقال لم أجد فيها إلا خيارا رباعيا، فقال : اعطه إياه، إن خيار الناس أحسنهم قضاء } [1] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ووشترێکی بچوکی تەمەن کەمی لە پیاوێك قەرز کرد، پاش ئەوەی ووشتری زەکاتی بۆ هاتەوە، فەرمانی کرد بە ئەبو ڕافیع ووشترەکە بگێڕێتەوە بۆ پیاوەکە، ئەبو ڕافیع گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وپێی ووت : لەو

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2393) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1601) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی موسلیمە .

ووشترەی خۆیم دەست نەكەوت، بەڵكو ووشترێكی شەش بۆ حەوتساڵی زۆر باشترم دەستكەوت، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرموو : ئەو وشترە باشەی بدەرێ، باشترین كەس ئەو كەسەیە كە قەرزەكەی بە باشترین شێوە دەگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەكەی .

بەڵگەیش لەسەر فەزڵ و چاكیەتی قەرزدان، ئەو فەرموودەیەیە كە عەبدوڵای كوڕی مەسعود ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { ما من مسلم يقرض مسلما قرضا مرتين إلا كان كصدقتها مرة } [1] .

**بابەتی دووەم : مەرجەكانی قەرز وهەندێک حوكمی پەیوەست پێوەی .**

قەرز وەرگرتن چەند مەرجێكی پێویستی هەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی شەرعی بێت، ئەو مەرجانەش خۆیان لەمانەی خوارەوەدا دەبیننەوە : -

1- دروست نیە موسڵمان قەرز بدات بە براكەی بەو مەرجەی ئەگەر ئەویش دواتر پێویستی بە قەرز هەبوو قەرزی بداتێ، چونكە كەسی قەرزدەر سوود وەرگرتنێكی بەمەرج داناوە، وە هەموو قەرزێكیش سوودێكی بە دوای خۆیدا هێنا دەبێتە سوو (ڕیبا)، وەك ئەوەی قەرزارەكە لە بەرامبەردا خاوەن قەرزەكەی لە ماڵەكەی خۆی جێنشین كرد بە خۆڕایی، یان بە برێك هەرزانتر، یان ووڵاخەكەی دا بەلایەوە، یان هەر شتێكی تر سوود بەخش، كۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەتوایان داوە كە ئەم كارە كارێكی نادروستە، هەر بۆیە زانایانیش كۆدەنگن لەسەر ڕێگری كردن لەو شێوە قەرزدانە .

2- ئەو كەسەی كە قەرز دەدات دەبێت لەو كەسانە بێت كە دروست بێت تەصەڕوف و هەڵسوكەوت بە ماڵ ودارایییەوە بكات، واتا : باڵغ و ژیر و ڕەشید بێت، وە ئەگەر ماڵی بەخشی ماڵ بەخشینەكەی دروست بێت .

(1) ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (2430) ڕیوایەتی كردووە، شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەكی حەسەنی داناوە، بڕوانە : إرواء الغليل (226/5) .

3- کەسی قەرزدەر بۆی نیە کە مەرجی زیادە وەرگرتنەوە لە سەر قەرزارەکە دابنێت، چونکە ئەو کارە سوو (ڕیبا) یە، وە دروست نیە وەری بگرێت، بەڵکو تەنها دەبێت ئەو بڕە پارەیە وەربگرێتەوە کە کاتی خۆی داویەتی بە قەرزارەکەی .

4- ئەگەر کەسی قەرزار لەوە چاکتری گەڕاندەوە بۆ خاوەن قەرزەکە، یان زیاتری پێدایەوە بەبێ ئەوەی پێشتر بەمەرجی لەسەر گرتبێت، یان چاوەڕوانی کردبێت، ئەوا دروستە وهیچی تێدا نیە، چونکە ئەو کارە بەخشندەیەکە لە لایەن کەسی قەرزارەوە، وە مامەڵە چاکی ئەو دەگەیەنێت، وە فەرموودەکەی ئەبو ڕافعیش بەڵگەیە لەسەر ئەم کارە .

5- دەبێت قەرزدەرەکە خاوەنی ئەو شتە بێت کە دەیدات بەقەرز بە قەرزارەکە، چونکە دروست نیە شتێك هی خۆی نەبێت بیدات بە قەرز بەکەسانی تر .

6- لەو مامەڵە ڕیبەویە حەرامانەی کە دەکرێت : کاری هەندێك لەو بانکانەیە کە لەم سەردەمەی خۆماندا پێی هەڵدەسن، ئەویش ئەوەیە بە گرێبەستێك بڕێك پارە بە قەرز دەدەن بە کەسانەی کە پێویستیان پیەتی، بەڵام بەو مەرجەی کاتی گەڕاندنەوەی پارەکە لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا، بڕێك پارەی زیادیان بگەڕێننەوە بۆ بانکەکە، یان بەشێوەیەکی تر ئەو بانکە ڕیبەویانە لەگەڵ کەسی قەرز وەرگر ڕێك دەکەون لەسەر نرخی قەرزێك، پاشان بانکەکە لەو بڕەی لەسەری ڕێك کەوتون کەمتر دەدات بە قەرز وەرگرەکە، بەڵام بەو مەرجەی لەکاتی گەڕاندنەوەی پارەکە بە تەواوی ئەو بڕە پارەیە لەسەری ڕێك کەوتبوون بگەڕێنێتەوە بۆ بانکەکە، بۆ نموونە: کەسی قەرز وەرگر داوای سەد هەزار دۆلار لە بانکەکە دەکات، بانکەکەیش هەشتا هەزار دۆلاری دەداتێ، بەڵام بەمەرجی لەسەر دەگرێت کە سەد هەزار دۆلاری بۆ بگەڕێنێتەوە، بێگومان ئەم کارە سوو (ڕیبا) وە کە خوا و پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) حەرامیان کردووە کە موسڵمانان توخنی وەها کارێك بکەون، و بە یەکێك لەو گوناهە گەورە و لەناو بەرەکانی کۆمەڵگەیان داناوە ..

لەخوای گەورە و میهرەبان داواکارین خۆمان وخزم وکەسو کار و کۆمەڵگەی موسڵمانان لە سوو (ڕیبا) وەرگرتن و سوو خواردن بپارێزێت.